
# دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان هاوکێشەیەکی نوێ بەرهەم دەهێنێت

**راستییەک هەیەو دەبێت هەموو جیهان بیزانن، ئەویش ئەوەیە کە ئێستا کوردستان تاکە شوێنە لە عێراق کە کاروبارەکانی بەدروستی تێدا بەڕێوە دەچێت و دوور لە مەزهەبگەرایی ژیانی تێدا دەکرێت**

کاتێك کە ئێمە باس لە دامەرزاندن و بنیادنانی دەوڵەت دەکەین، دەبێت کۆمەڵێك پرەنسیپ و بنەما بە وردی شی بکەینەوە کە کاریگەریی راستەوخۆیان لە سەرکەوتنی دەوڵەتدا دەبێت. یەکێك لەو فاکتەرە گرنگانەی کە سەرکەوتنمان پێدەبەخشێت لە کاتی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانیدا، تەنیا یەکریزیمانە، ئەویش لە کاتێکدا کە پێکهاتەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەرەو کالبوونەوەو پووکانەوە دەچێت، بەتایبەتی کە جەنگی ناوخۆیی و قەیرانە سیاسییەکان ولاتانی ناوچەکەی بە تەواوی شپرزە کردووە، بەتایبەتی ئەو دەوڵەتە شکستخواردووانەی وەکو عێراق و سووریا و یەمەن و لیبیا و میسر کە بەرهەمی سایکس پیکۆ بوون. واتا دەتوانین بڵێین: ئێستا کاتی ئەوە هاتووە واشنتۆن و سەرجەم ولاتانی ئەورووپا دووبارە سەرنجێکی ورد لە داهاتووی کوردەکانی عێراق بدەن و بیر لە داهاتوویان بکەنەوە.

لەو کاتەوەی زلهێزەکانی دنیا موڵکەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان دابەش کرد، ئەوە نزیکەی سەدەیەکە کوردستانییەکان خەون بە سەربەخۆییەوە دەبینن، ئێستاش ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ولاتانی ئەورووپی هەست بەو هەڵەیە دەکەن کە بە شێوەیەکی نارەوا کوردیان دابەش کردو کۆمەڵێك دەوڵەتیان دروست کرد کە هەمووی بەرەو دارمان دەچن، لەلایەکی دیکەوە لەدوای ساڵی ١٩٩١، کاتێك ئەمریکا ناوچەی دژەفڕینی لە باکووری عێراق بۆ رێگری لە هەر پەلامارێك دروست کرد، کوردەکانی بندەستی عێراق هەرێمێکی سەربەخۆیان لە رێگەی هەڵبژاردنێکی سەربەخۆ و پاك و بێگەردەوە بۆ خۆیان بنیاد نا، ئەمەش وایکرد کە هەموو جیهان لەو کاتەوە مامەڵە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، تەنانەت پێش ساڵی ٢٠٠٣ کوردستان ئارامترین و سەقامگیرترین ناوچەی عێراق بوو کە هەزاران کەسانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو کاتە خۆیان تێدا حەشار دابوو، لەگەڵ پرۆسەی رزگارکردنی عێراقیش کوردستان پێگەیەکەی گرنگتر بوو، چونکە بووە لانکەو بنەوانی هەزاران خێزانی ئاوارە کە بە هۆی جەنگی تائیفی و دواتریش جەنگی داعشەوە روویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو. هەروەها ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە لەو کاتەوە هەتا ئێستاش کوردستان بووەتە شوێنێکی گرنگ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی گشت ولاتانی هاوپەیمانان لە ناوچەکەدا، چونکە وەك دەگوترێت، کوردستان دوورگەیەکی ئارامە لە دەریایەکی پڕ لە جەنگ و ئاژاوە، ئەمەش وایکردووە کە هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی لەسەر هەموویانەوە ولاتە زلێهزەکانی وەك ئەمریکا و بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا و ولاتانی کەنەداو بە وردی مامەڵەی لەگەڵ بکەن و بە گرنگییەوە لە پێگەکەی بڕوانن، بەتایبەتی لە ئێستادا کە رەوشی عێراق بەرەو ئالۆزبوونی زیاتر دەڕوات و، وەك هەستی پێدەکرێت سەرانی بەغدا بەرەو ئاڕاستەی دابەشبوونی زیاتر هەنگاو دەنێن، بەتایبەتی لەدوای دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان هەردوو مەرجەعییەتی (نەجەف و قوم)، پێدەچێت ناکۆکییەکانی نێوان هێزە شیعەکانیش بەرەو زۆرتربوون بڕوات. لەلایەکی دیکەوە سەرهەڵدانی هەرێمی سوننەش یەکێکە لەو ئەجندایانەی کە زۆر ولاتی وەك سعودیە و ئیمارات و کوێت و بەحرەین کاری لەسەر دەکەن، ئەمەش دەرفەتێکی باشتری بۆ کوردستان و بۆ راگەیاندنی



**د. مەیادە محەمەد نەجاڕ**
**سەرۆکی ڕێکخراوی ئاریانا بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان**
**بۆ گوڵانی نووسیوە**

جیابوونەوە لە عێراق ڕەخساندووە. خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە ئەوەیە کە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دەزانن حکومەتی بەغدا، حکومەتێکی هەڵوەشاوەیە، وەك بینیمان کاتێك لە مانگی ٦ی ساڵی ٢٠١٤دا، داعش دەستی بە داگیرکردنی باکوور و بەشێکی زۆری ڕۆژئاوای عێراق کردو سوپای عێراق لەکەمترین ماوەدا بە شێوەیەکی بەرفراوان هەڵوەشاوەو زۆرترین خاکی عێراقی چۆڵ کرد، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە توانی ڕووبەڕووی داعش ببێتەوەو کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی لە دەستی داعش پاراست. بە تێپەڕبوونی کات، پێشمەرگە سەلماندی کە تاکە هێزێکی کاریگەرە دەتوانێت ڕووبەڕووی داعش ببێتەوەو هاوکاریکردنی پێشمەرگەش لەلایەن سوپای هاوپەیمانانەوە تەنیا لە ڕووی هێرشی ئاسمانییەوە بوو، واتا هێزی پێشمەرگە سەلماندی زۆر لەسوپای عێراق و سووریا بەهێزترە کە لە کەمترین ماوەدا هەرەسیان هێنا.. لە ڕووی دەوڵەتیدارییەوە سەرجەم ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەرێمی کوردستان نموونەیەکی جوانی دەوڵەتداری خۆبەڕێوەبردنە، لەبەرامبەردا کاتێك کە عێراق دەبینن، تەنیا دەوڵەتێکی شکستخواردووی سەرنەکەوتووە، هەروەها لە ڕووی هەموو جۆرە سیستەمەکانی دەوڵەتداری و بەتایبەتی لە ڕووی سەربازی و ئابوورییەوە هەرەسی هێناوە، ئەمە بێجگە لە نەبوونی هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی پێویست لەشارەکانی عێراقدا کە شاری بەغدا یەکێکە لەشارە پڕ مەترسییەکانی جیهان.

کاتێك چاودێرانی سیاسی و ئابووری باس لە هەرێمی کوردستان دەکەن، وەك دەوڵەتێکی سەرکەوتوو دەیشوبهێنن، چونکە تێگەیشتوون کە کوردستان تاکە دەریچەی ئارامە لەناوچەکەدا، هەر بۆیە بەشێکی زۆری دەوڵەتانی هەرێمی و جیهان مامەڵەکردنیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان پێ باشترە لەعێراق. واتا ئێستا باشترین کاتە بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان و سەرجەم فاکتەرەکان ئامادەن و ناشکرێت ئێمە چاوەڕوانی هەموو جیهان بکەین، هەتا ئەوان ڕازی بن، ئەوکات ئێمە هەنگاو بنێین. دەکرێ نموونە لەوە وەربگرین، کاتێك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەساڵی ١٧٧٦دا سەربەخۆیی ڕاگەیاند، لایەنێکی سەرکەوتووی ئابووری نەبوو، لە لایەن دراوسێکانیەوە وەك دەوڵەت قبووڵ نەدەکران و سنوورەکانیشی ناڕوون بوون، بەلام بەهۆی تێپەرینی کات و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی دیکە، ئەمڕۆ بەهێزترین دەوڵەتی جیهانە، بۆیە ناکرێت ئێمە چاوەڕوانی ئەم و ئەو بکەین، بەڵکوو دەبێت هەر زوو دەوڵەتی خۆمان ڕابگەیەنین.

ڕاستییەك هەیەو دەبێت هەموو جیهان بیزانن، ئەویش ئەوەیە کە ئێستا کوردستان تاکە شوێنە لە عێراق کە کاروبارەکانی بەدروستی تێدا بەڕێوە دەچێت و دوور لە مەزهەبگەرایی ژیانی تێدا دەکرێت. کوردستان شوێنێکە هەموو ڕەنگ و ئایین و کەمایەتییەکانی تێیدا پێکەوە دەژین، پێکەوە چارەنووسیان دیاری دەکەن، بۆیە بەخاوەن دەوڵەتبوونی کورد، باشترین هەنگاوە بۆ ڕزگاربوون لە عێراقێکی شکستخواردوو، هەروەها لەو باوەڕەشدام لە دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی ریفراندۆم ڕاستەوخۆ هەنگاوەکانمان بەرەو سەرکەوتن دەڕوات و زۆربەی وڵاتانی جیهان بە بێ شك، ددان بە دەوڵەتی کوردستاندا دەنێن.

**کوردستان دوورگەیەکی ئارامە لە دەریایەکی پڕ لە جەنگ و ئاژاوە، ئەمەش وایکردووە کە هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی لەسەر هەموویانەوە وڵاتە زلهێزەکانی وەک ئەمریکا و بەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیا و وڵاتانی کەنەداو بە وردی مامەڵەی لەگەڵ بکەن و بە گرنگییەوە لە پێگەکەی بڕوانن**



# ئافرەتان لە دەوڵەتی سەربەخۆدا زیاتر هەست بە سەربەخۆیی ئابووریی دەکەن

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**ئەگەر لە هەر وڵاتێکی جیهاندا سەربەخۆیی پێوەری ڕەچەڵەك و ڕەگەز و ئایین و ئایینزای هەبێت، ئەوا لە کوردستان و لە لای هاونیشتمانییانی ئەم وڵاتەدا، پێوەر تەنیا پێکەوەژیان و ئاشتەوایی و بەرخۆدان و لێبووردەییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئافرەتانی کوردستان جەخت لەوە دەکەنەوە کە دوای ڕزگاری لە بندەستی و کۆیلەیەتی و پاش نەهێشتنی ڕوانگەی بە پلەدوو سەیرکردنی خۆیان و نەتەوەکەیان، لە دەوڵەتی سەربەخۆدا دەکارن پتر مافە زەوتکراوەکانیان وەربگرنەوە و تەنانەت سەربەخۆیی خۆیان لە ڕووی ئابوورییەوە دەستەبەر و مسۆگەر بکەن. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە ڕاوبۆچوونی خۆیان بۆ گۆڤاری گوڵان دەخەنەڕوو.**

سەراب دلاوەر کاکە زیاد، چالاکی مەدەنییەو خاوەن بڕوانامەی ماجیستەرە لە پێوەندیی نێودەوڵەتی و لە دەستپێکی وتەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «یەکێك لە بنەما هەرە سەرکییەکان بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی بەهێز، بوونی پێگەیەکی ئابووریی بەهێزە، بەبێ بەشداری ئافرەتیش لەم بوارەدا، ئەوا ئەم پێگەیە زۆر ناتەواو دەبێت، بەتایبەتی کاتێك کە دەوڵەت دەستدەکات بە بونیادنانی بازاڕێکی کارکردنی بەهێز لە کەرتی تایبەت، ئافرەتان دەتوانن ڕۆڵێکی بەرچاو و کارایان لەم بوارەدا هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی سەربەخۆیی ئابووریی ئافرەت و بەوجۆرە دەبن بە خاوەن کار و تەنیا وەك کرێکار و فەرمانبەر نامێننەوە، ئەمانەش هەمووی لە چوارچێوەی دەوڵەتدا دەتوانرێت بەدی بهێنرێت، لەبەر ئەوەی کاتێك دەوڵەت بووژانەوە لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی دەبێتە ئامانجی و پلانی بۆ دادەنێت، یان هانی بەرهەمهێنانی کاڵای خۆماڵی دەدات لە ڕێگای کردنەوەی چەند کارگەیەك لە بواری خواردەمەنی و کاری دەست و چنین و...هتد، هەروەها کاتێك پلان دادەڕێژێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، ئافرەت دەتوانێ لە هەموو ئەو بوارانەدا ڕۆڵی کاریگەری هەبێت، هەر لە بواری چاندن و دروێنەکردن تا بەخێوکردنی ئاژەڵ و بەرهەمهێنانی جیاواز، هەر بۆ نموونە ئێستا لە زۆربەی کۆگا و مۆڵەکانی کۆتال و جلوبەرگ، ئافرەت نەك هەر کڕیارە، بگرە کاری فرۆشیاری و خاوەنداریەتی لە ناوەندی فرۆشیاری دەکات، واتە ئافرەت توانیویەتی ببێت بە خاوەن کارو تەنیا وەك بەکاربەرێك نەبێت. هەروەها بوونی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانی ئافرەتان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە بۆ گۆڕین و دەرکردنی یاساکانی پەیوەندیدار بە ڕێکخستنی کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان بە شێوەیەك کە دەرفەتی زیاتر بە ئافرەت بدات بۆ بەشداریکردنیان لە پەرەپێدانی ئابووری و نەهێشتنی بەربەستەکان، هەروەها پێدانی قەرزی بچووك و مامناوەند



**یەکێک لە بنەما هەرە سەرکییەکان بۆ دروستبوونی دەوڵەتێکی بەهێز، بوونی پێگەیەکی ئابووریی بەهێزە، بەبێ بەشداری ئافرەتیش لەم بوارەدا، ئەوا ئەم پێگەیە زۆر ناتەواو دەبێت**

**لەگەڵ سەربەخۆبوون هەموو ڕێکار و یاسا و ڕێکخستنی بنەما ئابوورییەکان دەگۆڕدرێت، ئەوکات یەکەم هەنگاو پاڵپشتیی ئافرەتان دەبێت بۆ چوونە نێو کاری کەرتی تایبەت، یان پرۆژەی تایبەت، یاخود بازرگانی، بەڵام ئەمانە هەموو نەک بە حکومەت و نەک بە ئافرەت، بەڵکو بە هەمووان دەکرێت.**

**لای من مرۆڤ هەموو یەکسانن و ئەگەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتەوە جیاوازیی ڕەگەزی و ڕەچەڵەکی دروست بکەین، کەواتە ئەهلی خورافەین و بڕوامان بە عیلمانییەت و یەکسانی نییە، بەڵام بە خۆشییەوە کوردستان ژینگەیەکی لەبارە بۆ ڕێزگرتن لە بەهاکانی مرۆڤایەتی**

**پێدانی قەرزی بچووک و مامناوەند بەبێ سوود لە هەندێ بواری کاری دیاریکراودا، ڕێگەخۆشکەر بووە لەبەردەم ئافرەتان تاوەکو لە رووی ئابوورییەوە زیاتر سەربەخۆ بن**

**لەکاتی بەهێزبوونی سیاسەت و حوکمڕانیی سەربەخۆدا، ئەوا باری ئابووریش دەگۆڕدرێ و ئافرەتانیش زیاتر رۆڵی بەڕێوەبردنی ئەم ئابوریيە نوییە دەکەوێتە سەر شانیان**

**تا ئێستاش بەربەستی زۆر لەبەردەم ئابووریی کوردستان بە بیانووی حوکمڕانیی بەغداوە هەیە، بەڵام لەگەڵ سەربەخۆبوون متمانەی زیاتر بۆ رۆڵی ئابووریمان دەگەڕێتەوە، لە رووی بانکی و مافی وڵاتداری و دراو و مامەڵەکردنی نێودەوڵەتییەوە گۆڕانکاریی بنەڕەتی دروست دەبێت**

بەبێ سوود لە هەندێ بواری کاری دیاریکراودا، ڕێگەخۆشکەر بووە لەبەردەم ئافرەتان تاوەکو لە رووی ئابوورییەوە زیاتر سەربەخۆ بن، ئەوانە هەموو ڕێگایەکن بۆ ئەوەی ئافرەت لە کەرتی گشتی و تایبەت لەچوارچێوەیەکی سنووردار بەرەو دنیایەکی فراوانتری کارکردن دەربچن.»

شیلان بیبانی شرۆڤەکاری ئابوورییە و بڕوانامەی ماستەری لە کارگێڕیی کار هەیە و لە دەستپێکی دەربڕینی بۆچوونەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «کوردستان پاش سەربەخۆبوون و بوونی بە خاوەن دەوڵەت، دەبێتە خاوەن ئابوورییەکی سەربەخۆ و بێگومان ئەو کات دەتوانێ خاوەن ئابوورییەکی بەهێزتر بێت، چونکە ئەو قەیرانەی بەسەر وڵاتدا هاتووە، زیاتر لەبەر ئەوەیە کە کوردستان پاشماوە، یان سەر بە عێراقێکی شکستخواردوو بووە، بۆیە لایەنی ئابووریمان زۆر نالەبار کراوە، بەڵام لەکاتی بەهێزبوونی سیاسەت و حوکمڕانیی سەربەخۆدا، ئەوا باری ئابووریش دەگۆڕدرێ و ئافرەتانیش زیاتر رۆڵی بەڕێوەبردنی ئەم ئابورییە نوییە دەکەوێتە سەر شانیان، بەتایبەتی کاتێك وڵات سەربەخۆ دەبێت، ئەوا پێویستیی زیاتری بە دەستی کار و بیرۆکەی کاری زیاتر و نوێتر دەبێت، ئەو کات ئابووریی کوردستان دەبێتە بەشێك لە جموجووڵی نێودەوڵەتی و بازرگانی جیهانی، ئەوەش وادەکات خۆی بۆ خۆی هەر تاکێك (ئافرەت یان پیاو) دەکەونە نێوەندی کارە جیهانی و نێوخوییەکان، تا ئێستاش بەربەستی زۆر لەبەردەم ئابووریی کوردستان بە بیانووی حوکمڕانیی بەغداوە هەیە، بەڵام لەگەڵ سەربەخۆبوون متمانەی زیاتر بۆ رۆڵی ئابووریمان دەگەڕێتەوە، لە رووی بانکی و مافی وڵاتداری و دراو و مامەڵەکردنی نێودەوڵەتییەوە گۆڕانکاریی بنەڕەتی دروست دەبێت، ئافرەتانیش بۆ هەڵگرتنی یەکەم هەنگاویان پێویستیان بە دەرفەتی لەبارە بۆ کارکردن لە سەر بنەماکانی سەرمایە و توانا و هاوکاری و بەڕێوەبردنی سیاسەت.. ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە، ئەوەیە کە هەموو ئەم پێویستییانە لەژێر رکێفی سەربەخۆیی دێتەدی.»

ئەو هاووڵاتییە ئاماژەی بەوەش کرد کە «لە کۆبوونەوەی ئەمساڵی (جی بیست) سندوقێك دانرا بۆ هاوکاری و پێدانی قەرز بە ئافرەتان بە بڕی چەندەها ملیۆن دۆلار، ئامانج لەوەش تەنیا هێنانی ئافرەتان بووە بۆ ناو گۆڕەپانی کار، ئەمەش لە بواری بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووریی جیهان کاریگەریی ئەرێنی بووە.» گوتیشی: «ئافرەت دەستی هەیە لە بەرزکردنەوە، یان رووخاندنی ئابووریی هەر وڵاتێك، بەڵام بەداخەوە ئێستا لە کوردستان زیاتر هەلی کاری ئافرەتان لە قاڵبی دامەزراندە بە پلەی یەکەم، واتە متمانەی ئافرەت بۆ بەشداریی ئابووری و بوون بە خاوەن کار کەم بووە، ئەمەش یەکێك بووە لەو هەڵە ئابوورییانەی کە لە بەغداوە بۆ کوردستان پشتاوپشت ماوەتەوە.» جەختی لەوەش کردەوە کە «لەگەڵ سەربەخۆبوون هەموو ڕێکار و یاسا و ڕێکخستنی بنەما ئابوورییەکان دەگۆڕدرێت، ئەوکات یەکەم هەنگاو پاڵپشتیی ئافرەتان دەبێت بۆ چوونە نێو کاری کەرتی تایبەت، یان پرۆژەی تایبەت، یاخود بازرگانی، بەڵام ئەمانە هەموو نەك بە حکومەت و نەك بە ئافرەت، بەڵکو بە هەمووان دەکرێت.

وشیار جاف چالاکی مەدەنییەو دانیشتووی شاری ئۆتاوا-ی وڵاتی کەنەدایە و سەرەتا جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بوون بە خاوەن دەوڵەت، پێوەری ئابووری هەیە، بەڵام بە رەگەزەوە گرێ نادرێت، چونکە نێر و مێی وڵاتەکە لە داهاتوویان هاوبەشن و نەهامەتی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموویانە، هاوکات دەڵێت: «لای من مرۆڤ هەموو یەکسانن و ئەگەر لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتەوە جیاوازیی رەگەزی و رەچەڵەکی دروست بکەین، کەواتە ئەهلی خورافەین و بڕوامان بە عیلمانییەت و یەکسانی نییە، بەڵام بە خۆشییەوە کوردستان ژینگەیەکی لەبارە بۆ ڕێزگرتن لە بەهاکانی مرۆڤایەتی، گوتیشی: «ئافرەت هەر لە ئەزەلەوە بە شێوەیەکی راستەخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستەڵاتی ناوەندی هەبووە، ئەمە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا وا بووەو لە غەربیشدا بەپێچەوانەوە بەرجەستە بووە، ئەوەی کە ئەو شێوازە ماتماتیکییە دەشێوێنێ، ڕووە توندڕۆ و رادیکاڵیزمەکەی مەزهەبگەراییە، کە دواتر سەری هەڵداوە، ئەوەش دوورە لە بەهاکان و عورف و عادەت، واتە لە سیستەمی مرۆڤایەتیدا کێشی کەسەکان بۆشاییەکان پڕ دەکەنەوە، بەگشتی پەسەندکردنی مرۆڤ چی لای خۆی، یان کۆمەڵ، بڕیارێکە خاوەنەکەی میللەتە، روونتر دەتوانین بڵێین کەسایەتییەکان میحوەری پێوانەیان لە دەستی خۆیاندایە، (چ نێر بن، چ مێ)، هاوکات ئافرەتان ئەو بەشە باشەن لە کۆمەڵگە کە زۆرینەی جەمسەری چارەنووسی وڵاتیان لە دەستدایە لە شکستەوە تا سەرکەوتن، چونکە وەسیلەن لە پەروەردەکردن و پێچەوانەکەشیدا، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت لە پرسی چارەنووسسازدا تایبەتمەند بکرێن.»

# لە دەوڵەتی سەربەخۆدا پێگەی ئافرەتان زیاتر بەرەوپێش دەچێت





**دانیشتووانی کوردستان بەگشتی و میللەتی کورد بەتایبەتی بە درێژایی مێژوویەکی پڕکارەسات لەلایەن وڵاتانی داگیرکەرەوە چەوساوەتەوەو ستەمی لێکراوە، لەم نێوەندەشدا ئافرەتان پشکی شێریان بەرکەوتووەو دووجار زوڵمیان لێکراوە، جارێك وەك کوردبوون و جارێکیش وەك ژن بوون، بەڵام خۆشبەختانە لەماوەی چەند ساڵی رابردوو و دوای راپەڕین وەرچەخانێکی گەورە لە ژیانی ئافرەتی کورد روویدا، تەنانەت لە شەڕی رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستانی داعش، ئافرەتانی کورد هاوشانی پێشمەرگە چەکی شەرەفیان کردە شان و وڵاتیان پاراست، ئەمڕۆش لە سایەی ئەو هەلومەرجە زێڕینەی کە بۆ کورد خولقاوە، ئافرەتان خەونی گەورەتر و داخوازی زیاتریان لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەیە. هەر لەو بارەیەوە لەم راپۆرتەدا ژمارەیەك لە هاووڵاتیان راوسەرنجی خۆیان بۆ گۆڤاری گوڵان دەخەنەڕوو.**

سەرەتا تاڤگە عومەر بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی یاسایی و پاراستنی مافی مرۆڤ، باسی ئەوە دەکات کە ریفراندۆم، یان گشتپرسی یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی بەدیهێنانی دیموکراتیەت بە بەشداری پێکردنی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسی و یاسایی وڵات، دیارە ئەم سیستمەش لەو وڵاتانە پیادە دەکرێت کە ئیرادەیەکی بەهێزیان هەیە بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتیەت و هاووڵاتی بوون، چونکە کاتێك هاووڵاتی بە گوێرەی بنەما دەستوورییەکان و یاسا کارپێکراوەکان ئەرك و مافی دیاریکراو بوو، ئەو کات بنەماو بناغەی دیموکراتیەت پتەوتر دەبێت. هاوکات دەڵێت: «هەرێمی کوردستان پاش تێپەڕبوونی سەدەیك لە چەساندنەوەو پێشێلکاری لە سەرجەم مافەکانی و ئەنجامدانی چەندین تاوانی گەورە لەسەر دەستی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق وەك جینۆساید و کیمیاباران و ئەنفال و گۆڕینی دیمۆگرافیا و هەوڵدان بۆ لە ناوبردنی کەلتوور و زمان و پیرۆزییەکانی بە قۆناغێکی گرنگی راگوزەردا تێپەڕی، دوای راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ تاوەکو رووخانی رژێمی بەعسی فاشی لە ساڵی ٢٠٠٣ لە دوای ئەم مێژووە هەرێمی کوردستان پابەند بە ناوەرۆکی دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لەسەر بنەمای هاوبەش وەکو نەتەوەیەکی سەرەکی لە عێراق هەوڵیدا مافە دەستوورییەکانی خۆی دەستەبەر بکات، بەڵام بە پابەندنەبوونی حکومەتی ناوەند بە بڕگە و مادە دەستوورییەکان و مامەڵەکردنی لەگەڵ هاووڵاتیانی هەرێم وەکو هاووڵاتیی پلە دووی عێراق و بەشداری پێنەکردنی لە زۆربەی پرسە گرنگەکانی وڵات و دواتر بڕینی بودجە و بژێوی هاووڵاتیانی هەرێم و چەندینی دیکە، دەرفەتێکی زێڕین لەبەردەم هەرێمی کوردستان رەخسا، بۆ بوون بە خاوەن دەوڵەت، ئەوەش بە پشتبەستن بە سەرجەم ئەو جاڕنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییانەیە کە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دەرچووەو باس لە مافی چارەنووس و دیاریکردنی مافی گەلان بۆ سەربەخۆبوون و بوونی کیانێکی سیاسی دەکەن لە رێگەی ئەنجامدانی گشتپرسی (ریفراندۆم)ـەوە. هەڵبەتە لەگەڵ هەموو ئەو نەهامەتییانەی کە رووبەڕووی گەلەکەمان بۆتەوە، ئافرەتان پشکی شێریان بەرکەوتوە لە قوربانیدان و ئازارو ئەشکەنجە لە لایەك وەك هاووڵاتییەکی ئەم هەرێمە، لە لایەکی دیکەش وەکو ئافرەت لەسەر بنەمای رەگەز تووشی جۆرەها چەوساندنەوەو پێشێلکاریی مافەکانی بۆتەوە لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و هەموو لایەنەکانی دیکەوە، چونکە مێژووی ئافرەتی کورد مێژوویەکی دەوڵەمەندە بە خەبات و هەوڵدان بۆ رزگاربوون لە چەوساندنەوەو کۆیلایەتی و شانبەشانی پیاوان لەسەردەمی شاخ و پێشمەرگایەتی پاشان بەشداریکردن لە پرۆسەی خۆبەڕێوەبردنی حکومەت لەسەرجەم جومگەکان، کە ئەم هەنگاوەش فاکتەرێکی باش بوو بۆ دەرخستنی تواناکانی ئافرەتان لەم ماوەیەی حوکمڕانیدا. بێگومان لەگەڵ پرسی سەربەخۆبوون و دروستبوونی دەوڵەت ئافرەتان بە شێوەیەکی باشتر و زۆر گونجاوتر لە بەدەستهێنانی مافەکانیان دەستیان واڵاتر دەبێت، چونکە بە دروستبوونی دەوڵەت حکومەت دەتوانێت بە بێ بوونی هیچ کۆت و بەندێك پەسەندی هەموو ئەو رێککەوتننامەو پرۆتۆکۆڵانە بکات کە لە بەرژەوەندی ئافرەتاندایە، بەتایبەتیش رێککەوتنامەی (سیداو) و لابردنی ئەو پارێزییەی کە عێراق هەیەتی لەسەر ناوەڕۆکی رێککەوتنامەکە، جگە لەوەش کارکردن بەسەرجەم ئەو یاسا عێراقییانەی کە لە ئێستادا کاری پێدەکرێت، پێشێلکارییەکی زۆری

**بێگومان لەگەڵ پرسی سەربەخۆبوون و دروستبوونی دەوڵەت ئافرەتان بە شێوەیەکی باشتر و زۆر گونجاوتر لە بەدەستهێنانی مافەکانیان دەستیان واڵاتر دەبێت، چونکە بە دروستبوونی دەوڵەت حکومەت دەتوانێت بە بێ بوونی هیچ کۆت و بەندێک پەسەندی هەموو ئەو رێککەوتننامەو پرۆتۆکۆڵانە بکات کە لە بەرژەوەندی ئافرەتاندایە**



مافەکانی ئافرەتی تێدایە، هەرچەندە هەنگاوی باش نراوە لەم رووەوە، بەڵام بە ڕەتکردنەوەی یەکجاری یاساکە ئافرەتان سوودمەندترو ماف پارێزراوتر دەبن، لە لایەکی تریشەوە بە ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان لە کاردا ئافرەتان دەتوانن لە جومگە سەرەکییەکان و پێگەی بڕیاردان شوێنی خۆیان بکەنەوەو ئەو بڕیار و سیاسەتانەی کە لە بەرژەوەندیی مافەکانیانە پەسەندی بکەن، لە هەمان کات بە بوونی چەندین کەناڵی دیپلۆماسی و نوێنەرایەتیکردن، ئافرەتی کورد دەتوانێت ئەزموونێکی باش و سەرکەوتوو نیشان بدات، چونکە دەوڵەتی کوردستان دەبێتە ئەندامێکی سەرەکیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

د. حوسێن خان دەلۆ مامۆستای زانکۆیە و وەك کەسایەتییەکی ئەکادیمی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ئێمەی کورد ساڵەهای ساڵە بە دەست داگیرکردنی وڵاتەکەمانەوە دەناڵێنین و لە سایەی حکومەتێکی داگیرکەری وەکو عێراق هەمیشە وەکو هاووڵاتی پلە دوو سەیر کراوین، لەم نێوەندەشدا زۆرجار ئافرەت بۆتە پلە سێ و مافەکانی زیاتر زەوتکراون، تەنانەت ئەوە لە شیعری شاعیرانیش ڕەنگی داوەتەوەو هێمنی شاغیر دەڵێ: (تەماشاکەن بە دەستی دیلێکەوە دیلم)، واتا پێگەی ئافرەت هەمیشە لە پێگەی پیاو نزمتر بووە، هەرچەندە ئێستا بەهۆی ئەو ڕەوشەی دوای ڕاپەڕین و بەهۆی پێداگریی ئافرەتان بۆ سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانیان بارودۆخەکە لە جاران زۆر باشتر بووە، بێگومان دوای ئەوەی دەبینە خاوەن دەوڵەت تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگە ماف و ئازادییەکانمان زیاتر دەبێت، سەربەخۆبوونی کوردستانیش یەکێکە لەو هەلانەی کە ڕەوشی ئافرەت بەرەو باشتر دەبات.

پەرلەمانتار حەیات مەجید، ڕایوایە «مەبەست لە گەڕانەوەی شکۆی ئافرەت پاراستنی ئافرەتە لەچوارچێوەی یاساو دەستووری وڵاتدا، لە چوارچێوەی کاری خۆیان لە یاسادانان، لە حوکمڕانی و لە کاری ڕێکخراوەیی و لەهەموو سێکتەرو بوارەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، تەنانەت پاراستنی گەورەیی و شکۆی ئافرەت لە شوێنی کارکردنیدا، ئەویش بە چوونی ئافرەت بۆ ناوەندەکانی بڕیار و بڕیارسازی.» هاوکات دەڵێت: «ڕێژەی پێشوەچوونی ئافرەت تا ڕادەیەك باشە، بەڵام لە ئاست داخوازیی ئێمەدا نییە، بەڵام کاتێك سەربەخۆ دەبین و دەبین بە خاوەن دەوڵەت، ئەوکات سیستمی حوکمڕانی جیاواز دەبێت لەم هەرێمەو دەرفەتەکان زیاتر دەبن، لە کاتێکدا ئەمڕۆ ئافرەتان لە هەندێ پۆست پەراوێز خراون، یان ڕێژەی بەشداری پێکردنیان زۆر زۆر کەمە، هاوکات ڕێژەی بەشداریکردنیان لە پەرلەمان بەپێی یاسا و دەستووری عێراق و بەپێی ڕەشنووسی دەستووری هەرێم ٣٠٪ـە، بەڵام دەکرێ خوازیاری ئەوە بین لە دوای بوون بە خاوەن دەوڵەت، ئەو ڕێژەیە بە هەوڵی خودی ئافرەتان لە حکومەت و پەرلەمانیش زیاتر بێت، واتا ئێمەی ئافرەت پێویستە بە هەموو چین و توێژێکمانەوە لە دەوڵەتی کوردیدا جێ پەنجەی خۆمان بنەخشێنین و کاریگەری خۆمان بچەسپێنین و داوای ئەو مافانە بکەین کە وەکو هەرێمێك بە ئافرەت نەدرابوون، ئەوەش هەوڵی جددی خودی ئافرەتانی پێویستە، لە قۆناغی داهاتووداو لە قۆناغی دەوڵەتسازی و دەوڵەتداری و بوونی سیستمێکی تەندروستیش داوای مافە زەوتکراوەکانمان دەکەین، بە حوکمی ئەوەی لە دروستبوونی ئەو دەوڵەتە ڕۆڵی کارامان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لە قاڵبی گلەییکردن دەربچین و بۆ خواستەکانمان هەنگاوی بە کردار هەڵبگرین.»

**دوای ئەوەی دەبینە خاوەن دەوڵەت تێکڕای تاکەکانی کۆمەڵگە ماف و ئازادییەکانمان زیاتر دەبێت، سەربەخۆبوونی کوردستانیش یەکێکە لەو هەلانەی کە ڕەوشی ئافرەت بەرەو باشتر دەبات**

**ڕێژەی پێشوەچوونی ئافرەت تا ڕادەیەک باشە، بەڵام لە ئاست داخوازیی ئێمەدا نییە، بەڵام کاتێک سەربەخۆ دەبین و دەبین بە خاوەن دەوڵەت، ئەوکات سیستمی حوکمڕانی جیاواز دەبێت لەم هەرێمەو دەرفەتەکان زیاتر دەبن**

**ئافرەت پێویستە بە هەموو چین و توێژێکمانەوە لە دەوڵەتی کوردیدا جێ پەنجەی خۆمان بنەخشێنین و کاریگەری خۆمان بچەسپێنین و داوای ئەو مافانە بکەین کە وەکو هەرێمێک بە ئافرەت نەدرابوون، ئەوەش هەوڵی جددی خودی ئافرەتانی پێویستە**